# شاندێکی پەرلەمانی تورکیا سەردانی کەرکوک دەکات

**ئاکۆ مەجید**

لەرێگـەی هەواڵەکانـەوە زانـرا کـە شـاندێکی پەرلـەمانی تورکیـا بـەبیانۆی گـوێگرتن لـە داخـوازی دانیـشتووانی پارێزگای کەرکوك سەردانی شـارەکەیان کردووەو لەگەڵ لایەنـە پەیوەنـدارەکان کۆبوونەتـەوە. دواتـر هـەمان شـاند سـەردانی شارۆچـکەی پـردێو تەلەعفەریان کردووەو لەگەڵ نوێنەرانیان کۆبوونەتەوە. هاتنی ئەو شـاندە دەیـان پرسـیاری لـە هـزری خـەڵکی ناوچـەکە وروژانـدووە، ئایـا پلانێکـی هاوبـەش لـە نێوان تورکیاو عێراق بۆ کێشەی کەرکوك لە ئارادا هەیە؟!. ئایا تورکیـا دەیـەوێ بەشداری لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق دا بکات؟!. ئایا لەسەر داخـوازی سەرانی بەرەی تورکمانی ئـەم سـەردانە ئەنجامدراوە؟!. ئایا تورکیـا مەبەسـتی هاوکاریکردنی تورکمـانی هەیـە؟!. ئایـا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگـای لـە هاتنی ئەو شاندە هەیە؟!.

شاندەکەی تورکیـا هێـشتا هـەر لـە کـەرکوك بـوو کـە کـەناڵی cnnturk دیـدارێکی لەگـەڵ (تۆرهـان چـومەر) سەرۆکی شاندەکە سازکرد، ئـەو زۆر لـە خۆباییانـە باسـی داگرتنـی نەخـشەی کوردسـتانی لـە ژووری ئەنجوومـەنی پارێزگـای کـەرکوك کـردو رایگەیانـد کـە ئەوان بە بەرچاوی سەرۆکی ئەنجوومەنی شـارەکەوە نەخـشەکەیان دابەزانـدووە، بـەڵام رێـزدار رزگـار عـەلی سـەرۆکی ئەنجوومەن هەر زوو بەزوو ئەو شاندەی بە درۆ خستەوەو دووپـاتی کـردەوە کـە نەخـشەکان دەسـتیان لێنـەدراوەو شاندەکەش بە هەڵواسینی ئەو نەخشانە کـە کوردسـتانبوونی شـارەکە دەسـەلێمنن، دووچـاری شـڵەژان‌و نیگەرانی هاتوون.

هـاتنی شـاندی پەرلـەمانی تورکیـا کۆدی پیلانێکی شاراوەی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـاوەو لـە بەرژەوەنـدی پێکهاتـەکانی شـارەکەدانیە. رژێمـی تورکیـا لـە دوای لکاندنی باشووری کوردستان، (ویلایەتی موسڵ) بە عێراقی عەرەبییەوە بەردەوام هەوڵی گێڕانـەوەی ویلایەتەکـە دەداتو مرخـی خـۆی لـە سـامانی ئـەو شـارە خۆشکردووە. ئـەوان هـاتوون تـا ئـاگری دووبـەرەکی لەشـارەکە خۆشـتر بکـەن‌و رێگـری لـە ئاسـاییکردنەوەی بـارودۆخی شارەکە بکەن‌و بـواری ئـەوە نـەدەن لـە ریفرانـدۆمێکی ئـازاددا چارەنووسـەکەی یـەکلایی بکرێتـەوە. شـاندی پەرلـەمانی تورکیــا ئەگــەر بــە مەبەســتی چارەسـەرکردنی کێـشە هاتوونەتـە شارەکەو گەرەکیانە ئالۆزیەکان کۆتـایی پێبهێـنن‌و لـە ئاکـامی تەقینـەوەکان بکۆڵنــەوە، باشــترابوو بــچوبانایە دیاربــەکرو گوێیــان لــە داخــوازی دانیـشتووانی ئـەو شـارە بگرتبایـە کـە ماوەیـەك لەمەوبـەر دەوڵـەتی تـورك لـە رێگــەی گروپــی تۆڵــەی تورکــەوە شارەکەی خەڵتانی خوێن کردبوو. ئەگەر بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی کێـشەی نەتەوایـەتی شـارەکەو داکـۆکیکردن لـە مــافی تورکمانەکانــەوە هــاتوون، باشـتروایە هـەوڵی بنبڕکردنـی سـتەمی نەتەوایەتیان بدەن کە ئەوان دژ بە کورد بــەڕێوەی دەبــەن، چــاکترابوو بەشــارەکانی بــاکوری کوردســتان بــسوڕابانەوەو بــەڵێنی چارەســەری ئاشتیانەی دۆزی کوردیان بـە خەڵکەکـە راگەیاندبایە. باشترابوو کە راستوێژانە بیریـان لـە بەرژەوەنـدی تورکـەکانی باکوری قوبرس بکردابایەوە کـە مـاوەی 22 ساڵە بۆیان دروست کردوون. ئـەوان نەتوانن کێشەی نێوەخـۆی وڵاتەکـەیان‌و کێـشەی تورکـەکانی بـاکوری قـوبرس چارەسـەر بکـەن، چـۆن دەتـوانن بـێن‌و هاوکاری تورکمانەکانی کـەرکوك بکـەن.

لــە دوا وتــەدا دەڵــێین: شــاندەکەی پەرلـەمانی تورکیـا لـە رێگـەی ئیبراهیم خەلیلــەوە هاتوونەتــە باشــووری کوردستان‌و شـاری کـەرکوکیان کرۆدتـە ئامانجی خۆیان، جا نـاکرێ بەرپرسـانی حکومـەتی هـەرێم‌و دەزگـای ئاسـایش ئاگایان لە هاتنی ئـەو شـاندە نـەبووبێ، یـاخود لـە رێگـەی هەواڵـچنەکانیانەوە لەمەبەســتی شــاندەکە ئاگــادار نەکرابنەوە. خۆ بێدەنگکردن لەبەرانبـەر هـاتنی شـاندی پەرلـەمانی تورکیـا بـۆ باشــووری کوردســتان‌و چاوداخــستن لەبەرانبەر خۆتێهەڵقورتاندنی ئەو شاندە لـە کاروبـاری شـارێکی وەکـو کـەرکوك، بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دووچاری بەرپرســیارێتی دەکاتــەوە، چــونکە گومانی تێدانیە کە ئەو شاندە بـۆ پـشت گـەرمکردنی سـەرانی بـەرەی تورکمـانی هاتوون‌و دەیانەوێ دەستیان لـە پـشت بـدەن‌و لـە رێگـەی ئەوانـەوە رەوشـی شــارەکە ئــاڵۆزتر بکــەن‌و دەلیڤــەی لەشکرکێشی تورکیا فەراهەم بکەن.

# لێدوانەکەی سەرۆکی حکومەت خاڵی وەرچەرخان دەبێ

**ڕۆژی گەل**

بــە درێــژایی 90 ســاڵی رابــردوو ئەوەی لە بەغداد حوکمی کردبێ، خـۆی لەسەرووی یاسا داناوەو بە چاوێکی نـزم لـە داخـوازی گـەلانی عێراقـی ڕوانیـوە، گــەلی باشــووری کوردستانیــشی بــە بەشێکی دانەبڕاو و کەمتوانا داناوەو بـە ئەرکی ئـەوانی زانیـوە کـە خۆبەخشانە ویستو توانستی خۆیان لە پێناو ناوەند دەکاربکــــەن‌و بەرژەوەنــــدەکانی سەردەسـتان بپـارێزن. دوای پرۆسـەی ئــازادی عێــراق‌و رووخانــدنی ســەدام سـەرکردایەتی کوردستان پێیوابـوو کـە ئیـدی کاربەدەسـتانی بەغـداد دەرس‌و ئـەزموون لـە رابـردوو وەردەگـرن‌و بـە شـێوازێکی دیموکراتیانـە لـە خواسـتو مافـەکانی گـەلی کـورد دەڕوانن، بـەڵام رەفتـاری سـێ سـاڵی رابـردوو تـەواو پێـــچەوانە شـــکاوەتەوە، هێـــزە عەرەبیــەکان بــە هــەمان هــزرەوە خواســـتەکانی گـــەلی کوردســـتان لێکدەدەنەوە، گەرەکیانە خۆیان بـەهێز بکەنـەوەو مافـە وەدەسـهاتووەکانیش وەربگرنەوەو لە دەستی خۆیاندا چڕی بکەنــەوە. خۆدزینــەوەی عــەلاوی‌و جەعفەری لە ئاسایی کردنەوەی رەوشی کـەرکوك‌و هەوڵـەدان بـۆ گێڕانـەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بۆ سەر هەرێمی فیدراڵ ئەو راستیەی خۆیا کرد کــــە ئــــەوان هەڵپەرســــتو بەرژەوەندخوازانـە لـە گۆڕانکاریـەکانی داهـاتوو دەڕوانـن‌و بـە دوای دەرفەتـدا دەگەڕێن تا دەستەڵاتی خۆیان فـراوانتر بکـەن‌و کوردسـتانی ئـازادکراو بـۆ ژێـر کۆنترۆڵی خۆیـان بگێڕنـەوە. ئـەوان بـە خـشکەیی‌و لـە رێگـەی یاساییەوە دەیانـەوێ ئـەو هیوایـە لـە دڵـی کـوردا بمـرێنن کـە نـابێ بـیر لـە رزگـاری‌و سەربەخۆی بکرێتەوە. ئەوان بەشێوازێك هەڵـسوکەوتیان کـردووە تـا هـەرێمی کوردستان چاو لە خێرو بـەزەیی ئـەوان کارەبـاو سـووتەمەنی‌و پـارەی بـبڕێ. ئــەوان نایانــەوێ ژێرخــانی ئــابووری کوردســـتان ببوژێتـــەوە. نایانـــەوێ ســـامانەکانی ژێـــر زەوی لـــە ژێـــر دەستەڵاتی حکومەتی هەرێم دابن. هـەر لـەو روانگەیـەوە وەزیـری نـەوتی عێراق ئـەو بۆندانـەی کـە حکومـەتی هـەرێم لەگــەڵ کۆمپانیاکــانی بیــانی بــۆ سەرمایەگوزاری نەوتی ئیمزا دەکرێن بـە نایاسـی دادەنـێ‌و رەتیـان دەکاتـەوە. وەزیـری نـەوتی عێـراق بـاش دەزانـێ کاتێك کە رژێمی بەعس فەرمانڕەوا بوو، تــەواوی دەســتەڵاتەکانی لەدەســتی ناوەنـددا چـڕکردبۆوە، رێگـەی نـەدەدا کوردســتانیان دەســتەڵاتێکیان لــەو بوارەدا هەبێ، ئەویش دەیـەوێ لاسـایی بەعس بکاتەوەو دەستەڵاتی حکومـەتی هــەرێمی کوردســتان لــەو بــوارەدا سـنووردار بکـات، بـەڵام لێدوانەکـەی سەرۆکی حکومەتی هـەرێمی کوردستان رێــزدار نێــچیرڤان بــارزانی ســەبارەت بــەوەی کــە وەزارەتــی نــەوت لــەجیاتی ئــەوەی چــاودێری دەســتەڵاتو سەرمایەگوزاری بکات با کارەکانی خۆی بـە باشـی راپـەڕێنێ، ئەگـەر حکومـەتی ناوەنـدی بـە پێـی دەسـتووری عێراقـی فیـدراڵ هەڵـسوکەوت نـەکات، ئـەو کـات خــەڵکی کوردســتان بــۆ پاراســتنی مافــەکانی خۆیــان رێگــەی دیکــە دەگرنەبەر، بەم وەڵامە مشتەکۆڵەیەکی بەهێز بوو، لەهەمان کاتیشدا وەڵامێکی ئاشـکرای ئـەو بۆچـوونانە بـوو کـە پێیانوایە دەبـێ کـورد وەکـو رابـردوو گوێڕایەڵ‌و فەرمانبەرو بێدەستەڵات بێ. ئەگـەر سـەرکردایەتی کوردستان چەند ساڵ زووتر بەو زمانە وەڵامی بەغدادیان بدابایەوە ئەمڕۆ هەنگاوێکی گەورەترمان هاوێــشتبوو، لەخــەون‌و ئاواتــەکانی خۆمــان نزیــك دەکەوتینــەوە. کاربەدەســتانی بەغــداد لێدوانەکــەی ســەرۆکی حکومــەتی هــەرێمیان بــە هەڕەشــەی جیابوونــەوە لەقەڵــەم دا، بـەڵام خـەڵکی کوردستان جیابوونـەوەو پێکهێنــانی دەوڵــەتی ســەربەخۆ بــە مافێکی رەوای خۆیان دەزانن‌و لێبڕاوانە بۆی تێدەکۆشن.

کوردســتانیان شــێلگیرانە داوا لــە کاربەدەســتانی حکومــەتی هــەرێمی کوردستان دەکـەن کـە چـیتر لەبەرانبـەر لێدوانـەکانی کاربەدەستانی بەغـداد بێـدەنگ نەبن، چونکە دەستووری عێـراق بـە رەزامەنـدی هـەموان بڕیـاری لەســەر دراوە، بەڕێککــەوتن دارێــژراوە ئەگــەر لایــەنێك لێــی پاشگەزبێتەوە، ئەوە لایەنەکـەی دیکـە مـافی ئـەوەی دەبـێ کـە هەڵیوەشــێنێتەوە. لــەم پێوەندیـەدا هەقـە کوردسـتانیان لـــە مەســـەلە نەتـــەوەیی‌و نیـشتمانیەکاندا پـشتیوانی لـە کاربەدەســتانی حکومــەتی هــەرێمی کوردستان بکەن، دەبـێ کاربەدەسـتانی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتانیش پرۆسـەی کرانـەوەو وەکهـەڤی بـەرووی تێکــڕای کوردســتانیاندا بکەنــەوەو سیاســەتی پــاوانخوازی حزبــی‌و هاوێرکاری لـەقاو بـدەن. زۆر گرنگە کە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم پـێ لەسـەر لێدوانـەکانی خۆیـان دابگـرن‌و لێیـان پاشگەزنەبنەوە.



# ئەوروپا: ئەگەری بە فەرمی ناسینی پەکەکە لە ڕۆژەڤ دایە

**سنوور عەزیز**

(ژۆلیانـا کۆکـت) داواکـاری گـشتی دیـوانی دادپــەروەری ئــەوروپا لــە لێـدوانێکی رۆژنامەوانیـدا رایگەیانـد: بەمزوانە لێکۆڵینەوەی یاسایی سەبارەت بــەو داوایــەی لایــەنگرانی پەکەکــە دەسـتپێدەکاتو دیـوانی دادپـەروەری ئـەوروپا لـەو بارەیـەوە بڕیـاری کۆتـایی دەدات. لە لایەکی دیکەشەوە هەواڵەکان پشتڕاستیان کردەوە کـە ئەگـەر دیـوانی دادپەروەری ئـەوروپا بڕیـارێکی ئـەرێنی ســەبارەت بــە پــارتی کرێکــارانی کوردســتان کــە پێــشڕەوی بزاڤــی رزگاریخوازی باکوری کوردستان دەکات، بداتو داوای سڕینەوەی نـاوی پەکەکـە بکات ئەوا یەکێتی ئەوروپا ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەردەکات.

جێگـەی وەبیرهێنانەوەیـە بـەهاری ساڵی 2000و لەسـەر داوای حکومـەتی ئـەنکارا، یـەکێتی ئـەوروپا بـە بیـانۆی ئـەوەی گـەریلاکانی پـارتی کرێکـارانی کوردســـتان کــــاری تیرۆریــــستی بەڕێوەدەبەن. نـاوی پـارتی کرێکـارانی کوردســتانی لــە لیــستی رێکخــراوە تیرۆریــستیەکان جــێ کــردەوە. ئــەو بڕیــارەی یــەکێتی ئــەوروپا نیگــەرانی لەنێوەنـدەکانی رەهەنـدی کـوردی لـە ئــــەوروپاو لــــە لایــــەن هێــــزە رزگاریخوازەکـانی جیهانـەوە دروسـت کــرد. هــەر دەمودەســت لایــەنگرانی پەکەکـەو ناوەنـدەکانی دیکـەی کـوردان نارەزایی خۆیان لەبەرانبـەر ئـەو بڕیـارە پێـشانداو بـەنارەوایان لەقەڵـەم دا. لـە چەندین شاری ئـەوروپادا خۆپێـشاندان‌و رێپێوانیـان سـاز کـرد. ئـەوان پێیانوایـە کاربەدەستانی ئەنکاراو سوپای تورکیـا تـیرۆرو تۆقانـدن لەبەرانبـەر نەتـەوەی کـورد بەڕێوەدەبـەن، دەوڵـەتی تـورك ئامادەنیـە دان بـە هـەبوونی نەتـەوەی کورد بنێ‌و زمانی کـوردی بـە رەسـمی بناســــێ، ئەمــــەش تووندوتیــــژی لێدەکەوێتـەوە، دەوڵـەتی تورکیـا تێیـدا بەرپرسیار دەبێ. لە لایەکی دیکەشـەوە مـاوەی چـەند سـاڵێکە سـەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان یـەك لایەنـە ئاگر بڕی راگەیاندووەو دەیەوێ کێشەکە لەرێگەی ئاشـتیانەو بـەهۆی دیالۆگـەوە چارەسەربکرێ، کەچـی دەوڵـەتی تـورك وەڵام ناداتــەوەو پــێ لەســەر ئــەوە دادەگـرێ کـە ئامادەنیـە دانوسـتاندن لەگـەڵ پەکەکـە بکـات. رازی نـەبوونی دەوڵەتی تورك بـە دانوسـتاندن دۆسـتو هاوسـۆزی زیـاتری بـۆ کـورد پەیـدا کـــردووە. تەنانــەت ســوپای تــورك بەردەوام دووپات لەسـەر زمـانی چەك‌و هێــز دەکاتــەوە. ئەمــەش رای گــشتی ئــــەوروپای دووچــــاری نیگــــەرانی‌و سەرســـوڕمان کـــردووە. تورکیـــا نـــەك جەخت لەسەر شەڕی گەریلاکانی پـارتی کرێکــــارانی کوردســــتان دەکاتــــەوەو بــەردەوام هەڕەشــەی لەشکرکێــشی لــە باشووری کوردستان دەکاتو دەخـوازێ کە هێزەکانی ئەمریکاو عێراق هاوکـاری بکەن‌و پەکەکە پاکتاو بکەن. لە لایـەکی دیکەشەوە رێکخراوەکانی داکۆکیکار لـە مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی رژێمـی تورکیـا بەوە تاوانبار دەکەن کە زیاتر لە 3000 گونـــدی کوردســـتانی ســـووتاندووە، بەهــــەزاران وڵاتیــــی ســــڤیل ئــــاوارەو ســـەرگەردان کـــردووە، دەیـــان هـــەزار کەسـیش لەسـەر کـورد بـوون زینـدانی کراون، بەمەش رژێمی تورکیا رووبەڕووی رەخنەی نێودەوڵەتی بۆتەوە.

لەهەفتەی رابردوو، عەبـدوڵڵا گـوول وەزیــری دەرەوەی تورکیــا نــاڕەزایی لەبەرانبەر لێدوانەکەی سەرۆك تاڵەبانی، سـەرکۆماری عێـراق پێـشانداو دووپـاتی کردەوە کە تورکیا هەرگیز ئامـادە نـابێ دانوسـتاندن لەگـەڵ پەکەکـەدا بکـات. چـاودێران پێیانوایـە ئێستا تۆپەکـە لـە مەیدانی تورکیـا دایـە، ئەگـەر دەوڵـەتی تورکیـا دووپـات لەسـەر شـەڕو کوشـتار بکاتەوەو ئامـادە نـەبێ هـەبوونی کـورد بـسەلمێنێ‌و زمـانی کـوردی بـە فـەرمی نەناســــێ کــــە وەك پێــــشمەرجی ئەندامبوونی تورکیا لە یـەکێتی ئـەوروپا خراونەتـەڕوو، لەوانەیـە ئـەوروپا دەرگـە بەڕووی تورکیا دابخـاتو لـە ئاکامیـشدا لایــەنگری لــە بزاڤــی رزگــاریخوازی کوردستان بکاتو ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان لە لیستی تیرۆر دەربهێنێ.

سڕینەوەی نـاوی پـارتی کرێکـارانی کوردستان لـە لیـستی تـیرۆر قـازانج بـە کێــشەی کــورد دەگەیــەنێ، لــەم پێوەندیەدا ئـەرکێکی گـەورە دەکەوێتـە سەرشــانی ســەرکردایەتی پەکەکــە تــا ئامادەیی بۆ دانوستاندن لەگـەڵ رژێمـی تورکیا رابگەیەنێ‌و پێبەنـدبوونی خـۆی بە ئاشتی‌و دیموکراسـی‌و رەتکردنـەوەی تێرۆر دووپات بکاتەوە.

# عێراق بە ڕەوشێکی خراپ تێپەڕ دەبێ

**چاودێرێك**

رۆژنامـەی واشـنتۆن پۆسـت لـە ژمــارەی رۆژی چوارشــەممەی رابـردوودا لـە نووسـینێکدا نیگـەرانی خـۆی لـە رەوشـی ئـاڵۆزی عێـراق پێشاندابوو، راشکاوانە نووسی بووی کە عێراق بە رەوشێکی خـراپ تێپـەڕ دەبێتو بەرەو باشبوونیش ناچێت، لەهەمان کاتدا هەواڵەکان رایانگەیاند کـە دەسـتەیەك پـسپۆڕی ئـەمریکی تەنیا ماوەی سێ مـانگ دەرفـەت لـە بـەردەم هـەلی سـەرکەوتنی عێـراق دەبینن‌و داوا لـە سـەرۆکی خۆیـان دەکــەن چارەســەرێکی بەپەلــە بدۆزێتەوە.

لـە لایـەکی دیکەشـەوە رێـزدار سەرۆك تاڵەبانی لە گوتاری خۆیدا کە لەبـەردەم نەتەوەیەکگرتووەکانــدا پێشکەشی کرد، داوای درێژکردنەوەو مانەوەی هێزەکـانی فرەڕەگـەزی لـە عێراق بە گرنگ‌و پێویست دانا. هێزە توونـدڕۆکانی عێـراق بـە سـوننەو شـیعەوە رەخنـەیان لـەو داوایـەی سەرۆك گرتو لەبەرانبەر پەیامەکـەی سـەرۆکدا خۆیـان نـەبان کـردو دژە هەڵویـستیان پێـشاندا، لـە کاتێکـدا داواکـەی سـەرۆك رەواو پێویـستو گشتگیریـشە، چـونکە وێـڕای ئـەوەی کــە هێزەکــانی فرەڕەگــەز بــە سـەرۆکایەتی ئـەمریکا لـە عێراقـدا جـێگیرن‌و لـە پاراسـتنی ئـارامی‌و هێمنایەتی وڵاتـدا هاوکـاری دەکـەن، کەچــی دیسانیــشەوە کــردەوە خۆکوژیەکان‌و درێژەدان بە کوشتو کوشتار باری بـژێوو ژیانی خـەڵکیان قــورس کردۆتــەوەو کاریگــەری نەرێنیان لەسەر رەوشـی هەنووکـەیی داناوە. زۆربـەی چاودێران پێیانوایە ئەگەر ئەمریکا لەم کاتەدا هێزەکـانی خــۆی بکێــشێتەوە چــاوەڕوانی داهاتووێکی کارەساتبار دەکرێ، هەم شــەڕی نێوەخــۆ بــە شــێوازێکی بــەرفراوان‌و گــەورەتر دەســت پێــدەکاتو تــەواوی ناوچــە عەرەبنشینەکان دەگرێتەوە هـەمیش پاسـاو و بیانۆێـك بـۆ یەکپارچـەیی خاکی عێراق نامێنێتەوە، ئەی کەواتە بۆچــی توونــدڕۆکان لــەدژی داوا رەواکەی سەرۆك رادەوەستن‌و داوای دەرچـوونی هێزەکـانی فرەڕەگـەزی دەکـەن؟!. عەرەبە توونـدڕۆکان لـە پــەنای خــەمی یەکپارچــەیی خـاکی عێراق درێژە بە کوشـتار دەدەن‌و لـە دژی داواکـــەی ســـەرۆکیش رادەوەسـتن، بـەڵام بـە دەرچـوونی هێزەکــانی ئــەمریکا لــەم کاتــەدا دەروازەیـەك بـۆ عێراقـی هاوبـەش‌و ئەگــەرێك بــۆ پێکــەوە ژیــان نامێنێتەوە، کەواتە ئەو هێزانـەی کـە ئـەمڕۆ لـە دژی پەیامەکـەی سـەرۆك تاڵــەبانی رادەوەســتن بــۆ خۆیــان پەرۆشـی چارەنووسـی یەکپارچـەیی عێراق نین‌و دروشم‌و داواکانی خۆیـان لەســەر بەرژەوەنــدی دەوڵــەتانی هەرێمەکــە دادەڕێــژن‌و کــاری بــۆ دەکەن. ئەو هێزانـە نـەك بۆیـان نیـە رەخنــە لــەهێزە سیاســیەکانی نەتەوەکانی دیکە بگرن، بەڵکو هەقـە لاسـایی ئـەوان بکەنـەوەو هەوڵبـدەن کـە عێـراق لـەو جەنگـە کاولکاریـە دەربــاز بکــەن. وەك رۆژنامــەی واشنتۆن پۆستو چاودێرانی سیاسی رەوشـی عێـراق بـە خـراپو ترسـناك وێنــا دەکــەن، ئــەوە هەڵــدەگرێ سیاســەتمەداران‌و سیاســەتکارانی عێراقیش زیاتر خۆیان ماندوو بکەن‌و شرۆڤەی وردتری بۆ بکەن.